# ناگۆڕێم ...

**ترێ عومەر**
Tre-omer@hotmail.com



کاتێ کە من دێمە قسە
تۆ دەنگمی
کاتێ کە خۆم نیشان دەدەم
تۆ ڕەنگمی
تۆ توانای جەستەو هێزی
بێ تۆ کاتێ خۆم دەبینم
هەست دەکەم من
بەبێ هێزی
هەموو ڕۆژێ لە بەیانی
خۆرهەلاتا
تۆ یەکەمین هۆنراوەمی
دەبی بە یەکەم
خەلاتا
من لە دوای تۆ
زۆر دڵنیام
مەرگ میوانی گیانمە
بارانم بۆ دەبارێنی
ئاسمانی پان وبەرین
منیش تەنیا لەلێواری
ڕێگای درێژی تەمەندا
ڕێک وەستاوم
من هەر ڕێگا هێدی هێدی
دەبڕم و ناگەم بە تۆ
ڕێگاش کۆتایی پێ دەگات
بە تۆ ناگەم
بەڵام وەک لەیەکەم دیدار
من پێم ووتی
ناگۆڕێم و نەگۆڕاوم
دڵنیا بە
لەسەرڕێگای گەڕانەوەت
هەر وەستاوم ...